# ئۆختاپووسی دراوی جیهانی بەرەو بەدەستەوە گرتنی جیهان و کۆنترۆڵی مرۆڤایەتی ئەڕوات!!



Ayub Rahmani
rahmayub@yahoo.de

## پێشەکی

### بۆ ئەوەی چارەنووسمان بناسین!

چەند ساڵێکە شەبەحێک باڵی بە سەر هەموو جیهاندا کێشاوە، لە پێشەوە وڵاتانی هەژار و پاشانیش هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو و دەسمایەدار،کە پێی دەڵێن قەیرانی قەرز! کۆبوونەوەی جی بیست کە ماوەیەکی کورت پێش ئێستا لە پێتەختی کورەی باشور گیرا، کۆبوونەوەی ئاپێک (نە ئۆپێک) کە بە دوا جی بیست لە پێتەختی ژاپۆن چەند ڕۆژ پێش گیرا، سەردانە کتوپڕەکانی باراک ئۆباما بۆ وڵاتانی پیشەسازی ئاسیایی، کۆبوونەوەکانی ئەم دواییانەی پارلەمانی ئوروپا لە پێتەختی بلژیک بۆ چارە سەری قەیرانەکانی یونان و ئیرلەند و وڵاتانی شینگێن بە گشتی، هەموو ئەمانە ئەو شەبەحی قەرزەن کە جیهانی تووشی قەیرانێکی ئابوری گەورە کردووە، کە من لەم نووسراوەیەدا حەول دەدەم، نەک وەک ئابوریزانێک، بەڵکو تەنیا وەک تاکێک کە بە دوا سەرچاوەی ئەم قەیرانانەوە دەگەڕێم، کۆمەڵە زانیاری و هۆکارگەلێک، بدۆزمەوە و کۆیان بکەمەوە و ڕای خۆمی لە سەر بنووسم. کەواتە ئەم نووسراوە ئەگەر چی باسی دراو یا پوڵ دەکات بەڵام باسێکی ئابوری نیە. هاوکات کۆمەڵێک زانیاری لەم وتارەدا هەن کە نەک هەمووی بەڵکو بەشێکی زۆری لە کتێبەکاندا نین و ئەگەریش هەبن زۆر بە زەحمەت پەیدا دەبن. هەموو کەس خۆی لەو باسە نادات، بۆ ئەوەی لە عورف و عادەت و نەریتی ڕۆژانە و لە ئەو شتانەی کە هەمووان قەبووڵیانە دور ئەکەویتەوە و هەندێک کەس بە تیئۆری تەوتەئە (تئوری توطئە) ناوی دەبەن، بەڵام ماوەیەکە خەڵکانێک و تەنانەت مرۆڤگەلی زانا لە ئوروپا شوێنی ئەم باسانە بە وردی ئەگرن و لێیان دەکۆڵنەوە. لە ئوروپا خەڵکانێک دراو و سەرمایەکانیان لە بانکەکان دێننە دەر و زێڕ ئەکڕن و پاشەکەوتی دەکەن و بۆ نمونە ئەمساڵ لە ماوەیەکی کورتدا لە وڵاتی ئاڵمان نرخی زێڕ زۆر چووە سەرەوە، بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر کەوتبوونە بازاڕەکان بۆ کڕینی زێڕ. هەندێکیش کەوتوونەتە ناو چۆمەکان و وەک کۆن بە دوا کۆکردنەوەی زێڕەوەن. ئەگەر لە من دەپرسن، پێم وایە کاری باش دەکەن، بۆ ئەوەی وەک بە خوێندنەوەی ئەم وتارەش زیاترتان بۆ دەر دەکەوێت، سیستەمی ئابوری جیهان بەرەو داڕمان ئەڕوات و ها کا لە پڕ دراوی کاغەز ئیعتیباری نەما یا خۆ هێندە داشکا کە بە کیلۆ کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت!!

بابەتێکی دیکە کە حەز دەکەم لەم پێشەکییەدا بە کورتی باسی بکەم، ئەمەیە کە ماوەیەک پێش ئێستا لە گەڵ دۆستێکی ئاڵمانیم، کە مرۆڤێکی زانا و ئاکادیمیکە، لەم جۆرە باس و مەشاجرانەمان دەکرد، کە ئەو باسی کێشە و هەرا و هوریای بەینی ئێران و ئیسرائیلی هێنایە پێش و پێی وا بوو کە "ئەو دوو دەوڵەتە زۆر دۆستن پێکەوە و بەرژەوەندی هەر دوویان لەو هەڕەشە لە یەک کردنەدایە. ئەیووت بۆ ئەوەی کە ئەگەر لە ئێران کێشەی ناوخۆیی بۆ نمونە نەتەوەکان بە تایبەت کورد بێتە ئاراوە، دەوڵەت بە سانایی بە بەهانەی سەر بە جوولەکە بوونی ئەو دۆزە سەرکووتی بکات و لە ئیسرائیلیش عەرەبە ناڕازییەکان چ فەلەستینی و چ لوبنانی بە ناوی سەر بە ئێران بوون سەرکووت بکرێن". ئایین درووست کراوە بۆ دەستەمۆ کردنی خەڵک، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت. ئەگەر ئێران کورد بە هاوکاری جوولەکە بناسێنێت، زۆر بە ئاسانی ئەتوانێت موسوڵمانەکان لە دژی کوردان بەسیج بکات و لە ئیسرائیلیش ئەتوانرێت خەڵکی جوولەکە بە ناوی پاراستنی ئایینەکەیان لە دژی موسوڵمانان هان بدرێن و ئەم فورموولە بۆ ئایینەکانی دیکەش هەر دەخوات!

کەواتە ڕێی تێ ئەچێت کە دەوڵەتی (سابیتی) ئێران و ئیسرائیل دۆستن. دیارە حکومەتەکان دوو دەوڵەتیان هەیە، دەوڵەتی سابیت و ماندگار و دەوڵەتی مووەقەت و کاتیی. دەوڵەتی کاتیی حیزبەکان بەڕێوەی دەبەن و هەر جارە و حیزبێک دێتە سەرەوە و دەنگەکان ئەباتەوە یا بە فێڵ و تەڵەکە ئەبێتە سوارکاری مەیدان و هێز و دەسەڵات ئەگرێتە دەست، بەڵام دەوڵەتی سابیت سیاسەتەکان و ستراتێژییەکان دیاری ئەکات و ئەمێنێتەوە.

سیاسەت بەرژەوەندییە و ئەویش دەوڵەتی سابیت دیاری دەکات کە لە گەڵ کێ دۆستایەتی بە ئاشکرا بکرێت و لە گەڵ کێ بە نهێنی، بەڵام پەیوەندی دەوڵەتەکان چ بە ئاشکرا بێت و چ بە نهێنی، قەت ناپسێت و دایم بەردەوامە، تەنانەت لە کاتی پێکەوە شەڕ کردندا کاتێک کە بە دوا چارەسەریدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە حەینی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ئاشتیش دابین بکەن! ئەم باسە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە وتارەکەوە هەیە، بۆیە هێناومەتە گۆڕ و ئێستاش ئێوە و وتارەکە.

## سەرهەڵدانی دراو بە کورتی



یەکەم دراوی لیدییەکان 7- سەدە پێش زایین

وەک ئەزانین، پەیدا بوونی دراو (پوڵ یا پارە) یەکێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی مرۆڤایەتی بوو کە لە باری ئاسانکارییەوە خزمەتێکی زۆر گەورەی بە مرۆڤایەتی کردووە و سیستەمی ئاڵوگۆڕ یا فارس وتەنی داد و ستدی لە کۆڵ مرۆڤایەتی کردەوە. تا پێش پەیدا بوونی دراو مرۆڤ دەبوو بۆ بەڕێوە بردنی ژیانی و پەیداکردنی پێداویستییەکانی بۆ نمونە خەیار و تەماتە و سەوزە لە بری کاسە و گۆزە و کەل و پەلی دیکە بگۆڕێتەوە و گامێش لە بری هێستر و هتد بگۆڕێتەوە و ئەم سەر ئێشانە بە پەیدابوونی دراو وردە وردە لە کۆڵ مرۆڤ بوونەوە. مرۆڤ توانیی دواتر بە هۆی دراوەوە نرخ بە پێی ڕادەی کار لەسەر کردن و تێچوون بۆ کەل و پەل و شتوومەک و تەنانەت حەقدەست دیاری بکات و جیهان کە ئەمرۆکە بە دێهاتی جیهان پێناسە ئەکرێت، ئەو کات هەنگاوێک بچووکتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ ئەوجار بە ساناییتر دەیتوانی لە شارۆچکە و گوندیکەوە بۆ شارۆچکە و گوندێکی دیکە بگوازێتەوە، بە بێ ئەوەی هەموو مەڕ و ماڵات و زەوی و خانووەکەی لەگەڵ خۆی ببات. ئەمانە دەسکەوتەکانی سەرەتاکانی پەیدا بوونی دراو بوون کە دەگەڕێتەوە بۆ حەوت سەدە پێش زایینی مەسیح و بەملاوەترەوە. بە گوێرەی ئەو زانیارییە مێژووناسیانەوە کە ئێستا لە بەر دەستدان یەکەم جار لیدییەکان فکرەی دراویان لا دروست بووە و دراویان بە کار هێناوە. لیدییەکان لە سەردەمی مادەکاندا و لە سەر ئەو خاکەی کە ئەمرۆ ڕۆژئاوای تورکیای پێ دەڵێن ژیاون. (دیارە لیدییەکان تورک نەبوون، چوونکە تورک هەمووی هەزار ساڵە لە تورکییەی ئەمرۆ ئەژین.) ئەو کات مادەکان هێرش دەبەنە سەر لیدییەکان و بە هۆی گیرانی خۆرەوە لە ڕۆژی شەڕدا هەر دوولا دەست لە شەڕ هەڵدەگرن و پەیمانێکی ئاشتی دەبەستن بەڵام پاش نەمانی دەسەڵاتی مادەکان، هەخامەنشییەکان (فارسەکانی ئەمرۆ) هێرشیان دەکەنە سەر و وڵاتیان داگیر دەکەن. لیدییەکان بێ دەسەڵات دەکرێن بەڵام هزری دراو هەر لە مێشکیاندا ئەمێنێتەوە و دواتر پەرەی پێ دەدەن و پاشتر دەسەڵاتەکان هزرەکە ئەگوێزنەوە و ئەیگرنە دەست خۆیان، چوونکە هەست بە وزە و هێز و نرخی دراو دەکەن. پاشان دراو دەبێتە جێگای مشت و مڕ بۆ دەست پێ ڕاگەیشتنی و پەیدا کردن و تمووحی دراو و زێڕی زیاتر بوو بە هۆی شەڕە گەورەکان و لەشکر کێشان بۆ هۆز و قەبیلە و شارە دوورەکان و داگیر کاری و پەیدا بوونی ئیمپێراتۆریە مەزنەکان و ئەمانەش هەر ئەوکات بوونە هۆی پەیدابوونی هزری دەست بەسەرا گرتنی هەموو جیهان. کە دواتر دێمەوە سەری!

## دراوی ئەمرۆ و سیستەمی نوێی بانکی

هزری دەست بەسرا گرتنی جیهان هەمیشە مەشغەلەی ئیمپێراتۆرەکان، ئاینەکان، دەسەڵاتداران و تەنانەت مرۆڤە ڤیزیۆنەرەکان و خووڵقێنەران و هەندێک لە زانایانیش بووە. هەر ئەم هزرەش بووەتە هۆی شەڕە گەورەکان بۆ پەرە پێدانی پیمپێراتۆریەکان و کۆلۆنیالیزم و وەک لە سەدەی ڕابردووشدا واتە سەدەی بیستمدا دیتمان، شەڕە گەورە جیهانییەکانی یەکەم و دووهەمی لێبۆتەوە. شەڕەکان پاش ئەوەی کە ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتۆتەوە بێجگە لە هەژاری و کاولکاری و ماڵوێرانی و کوشتن و برین و بڵاوبوونەوەی نەخۆشینەکان، پاش ماوەیەک بە شکستی ئەم لایەن یا خۆ ئەو لایەن و یا بە بەستنی پەیمانی ئاشتی و یا کاپیتۆلاسیۆنی

لایەنێکیان کۆتاییان پێ هاتووە، بەڵام هزری دەسەڵات بە سەر هەموو جیهاندا و بە سەر هەموو مرۆڤایەتیدا هەرگیز دانەمرکاوە و هەر دەم لە لایەن زلهێزەکانەوە وەک ژیلەمۆیەک داگیرساوە و زلهێزەکان دایمە زیرەکترین پسپۆڕانی خۆیانیان بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بابەتە بە کار گرتووە. ئەمە بۆ ئەوان شاڕەگی پێشکەوتنەکانی داهاتوویان بووە و بۆیە قەت لێی خافڵ نەبوونە، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەمەیە کە ئایا زلهێزەکان تێیدا سەرکەتوو بوون یا نا و ئەگەر سەرکەتوو بوون تا چ ڕادەیەک؟

لە سەدەی بیستەمدا لە کاتێکدا کە دەوڵەتە زلهێزەکان، لە سەرو هەموویانەوە ئەمریکا و ئەوجار باقی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ بردنە پێشی سیاسەت و ستراتیژییە گرنگەکانی خۆیان و لە پێش هەموویاندا هزری دەست بە سەرا گرتنی جیهان کەوتبوونە کێبەرکێ بۆ دروست کردنی بە هێزترین چەکەکان و لەوانە چەکی ناوەکی و هەروەها کەرەستە و ئامێرە زۆر پێشکەوتووەکانی شەڕ و داڕشتنی پلان و بەرنامە بۆ شەڕە گرنگەکانی داهاتوو، لەم لاوە و بە نهێنی کۆمەڵێک مرۆڤی زیرەک و خاوەن زێڕ و زیوەر و سەرمایە و ئاڵماس و خاوەنی بانکە بچووکەکان، کەوتبوونە خۆ و هزری بانکی جیهانی دراو یا سندووقی نێونەتەوەیی دراویان داڕشتبوو و پاش بە کردەوە کردنی ئەم کارەیان ئەوجار سیستەمی نوێی بانکییان خستبووە ڕێ کە بە سیستەمی بەهرەی بەهرە و یا دانی قەرزی بە بەهرە کاری دەکرد. واتە ئیدەی دانی قەرزگەلی زۆر و کەڵان بە هەر دەوڵەت یا کارخانەیەک کە توانای دانەوەی قەرزەکەی بە بەهرەوە هەبێت. لە سەرەتادا ئەم هزرە، دامەزرانی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، کە بە ناوی یارمەتیدانی وڵاتانی هەژار بە خەڵک ناسێندرا، بە هزرێکی ئینسانی و باش و هاوکات کاپیتالیستی دەزانرا و زۆر لەو وڵاتانەی کە دەیانویست پرۆژەکانی ناوخۆییان بەرنە پێش و پێویستیان بە دراو بوو، هاتن و قەرزییان لەو سندووقە نێونەتەوەییە وەرگرت بە شەرتی دانەوەی قەرزەکە بە قازانجەوە یا بە بەهرەوە. تا ئێرە مەعلوومە کە بانکی جیهانی پارەی دەدا بە دەوڵەتەکان و بەهرەی وەردەگرت و ئەمە هەموو دەیانزانی، بەڵام ئەوەی کە زۆر کەس نەیدەزانی ئەمە بوو کە بانک ئەو هەموو قەرز و کرێدیتەی خۆ بە زێڕ یا بە ئاڵماس بە کەس نەدەدا، بەڵکو لە ڕێگای ژمارە و ڕەقەمەوە دەیدا، بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەک ئێران یا ئەلجەزایر داوای سەد میلیارد دۆلاری بکردایە، چاویان لێدەکرد بزانن وەزعی داهاتی نەوت و گازی چۆنە و ئەوجار بۆ تەزمینی گەڕانەوەی "قەرزەکەیان" هەندێک قەراردادیان لەگەڵ دەبەست و کۆمەڵێک پاڵاوگە و چاڵە نەوتیان لە بری قەرزەکە دەخستە گرەوی قەرزە دراوەکە و ئەوجا سەد میلیاردیان بەس ڕەقەم دەدا بەو وڵاتە و نەک زێڕ و نەک ئەڵماس و نەک کەل و پەل. ئەوان لە بری ئەو پارە کە تەنیا بە ڕەقەم داویانە چەند دەرسەدێکیش بەهرەیان دەخستە سەر و ئەوجار نەوت و گازی هەرزانیشیان لە بری دەبردە دەرەوە، واتە تەنیا لە بری سەد میلیارد ڕەقەمی خاڵی، دەیان سەد میلیاردیان نەوت و گاز دەبردە دەرەوە و بە دەیان قاتیش دەیانفرۆشتەوە و تەنیا دڵخۆشییەک کە ئەو دەوڵەتەی قەرزەکەی وەرگرتبوو هەیبوو، ئەوە بوو کە سەد میلیارد قەرزە ڕەقەمییەکەی بانک بە بانک دەگەڕا و ئیعتیباری پێدرابوو لە لایەن هەموو بانکە گەورەکانی ژێر نفووز و دەسەڵاتی سندووقی نێو نەتەوەیی دراوەوە. ئا بەم شێوە و لە تویێ دەیانساڵدا زۆربەی وڵاتانی هەژار و کەم داهات و "گەمژە" بوونە قەرزداری بانکی جیهانی و بانکی جیهانیش تەنیا بە ڕەقەم و حیساب و بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمی نوێی بانکی واتە بەهرەی بەهرە، بوو بە خاوەنی زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەو وڵاتانە، بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە پێی قەرزدارن و لەبەر خاڵی بوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژەی زەخیرە ئەرزییەکانی دەوڵەتەکانیان ناتوانن لە ئاست سندووقی نێونەتەوەییدا ڕابووەستن چوونکە گیرۆدە یا موعتادی قەرزن، ئەگینا قەرزیان لێ دەبڕی و دەوڵەتیش بە بێ پارە و دراو هیچ نیە و وەک دیتمان هاوینی ئەمساڵی ٢٠١٠ دەوڵەتی یونان تەقریبەن ئیعتیبارێکی نەما و نیزیک بوو برووخێت و وڵات بکەوێتە دەست خەڵکی یونانەوە و هەرج و مەرج پێک بێت، بۆ ئەوەی دەوڵەتی یونان وردە وردە ئیتر حەقدەستی کارمەندەکانی خۆیشی نەدەما بیدات، بۆیە ئەو سندووقە بە وەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیازی دیکە لە یونان، دیسانەوە بەشێک دراوی کاغەز و بەشێکیش تەنیا ڕەقەمی ئیعتیباریی خستەوە ئیختیار دەوڵەتی یونان، بۆ ئەوەی خۆی لە سەر پێ ڕاگرێتەوە. ئەم قەرزە نوێیەی یونان ئەگەر چی لە کورت ماوەدا ئەو دەوڵەتە لە سەر پێ ڕادەگرێتەوە، بەڵام یونانی قەرزدارتر و نابوودتر لە جاران کردۆتەوە و وڵاتانی ئوروپایی ئەندامانی شینگێن کە یونانیش هەر لە خۆیانە، لە حەولدان وێڕای بانکی جیهانی، ئەوانیش یارمەتی یونان بدەن بۆ ئەوەی کە هەندێک هەستێتەوە

سەر پێی خۆی، بەڵام گرفتەکە ئەمەیە کە ئەم وڵاتانە خۆیشیان هەر وەک یونان بە سندووقی نێونەتەوەیی قەرزدارن و بۆ نمونە هەر ئێستا ئیرلەند وا خەریکە وەک یونانی بە سەر بێت و لە کۆبوونەوەکانی وڵاتانی جی بیست  کە لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوو لە سێئۆلی پێتەختی کورەی باشوور گرتیان، باسی ئەوە بوو کە چلۆن ئیرلەند ڕزگار بکەن. وڵاتانی ئیسپانیا و پورتوگال و تەنانەت ئیتالیاش هەر وەزعییان باش نیە و تەنانەت وڵاتی ئاڵمان کە وڵاتێکی گەوری پێشەسازی و پێشکەوتوو و دەوڵەمەندە و زۆر لە حەولی ئەوەدا بوو یونان نەکەوێت، خۆیشی هەر ئێستاکە یەک و نیو بیلیۆن یۆرۆ واتە هەزار و پێنجسەد میلیارد یۆرۆ بە بانکی جیهانی قەرزدارە کە بەهرەی ساڵانەی ئەو قەرزە چل میلیارد یۆرۆیە و ساڵی ئەمەندەی بەهرە سەر دەچێت و پسپۆڕانی ئاڵمانی هەر لە ئێستاوە زەنگی هەڕەشە یان (خەتەریان) لێداوە و دەڵێن ئەگەر ئاوا بڕواتە پێش ئاڵمان تا دە ساڵیتر بەرگە ناگرێت و وەک یونانی لێ دێت و هەر لە ئێستاوە لە هەوڵی ڕیفۆرم و چاکسازی دراو و سیستەمی نوێی بانکیدان و پێیان وایە ئەو سیستەمی بەهرەی بەهرە ئەبێت چاکسازی تێدا بکرێت و یا هەڵبگیرێت. ئەگەر چی هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بە تاقی تەنیا زەخت بۆ سندووقی نێونەتەوەیی بێنێت کە سیستمەکەی هەڵبگرێت یا هەڵی بووەشێنێتەوە، بەڵام ئەگەر دەیان دەوڵەت زەختی بۆ بێنن و داوای لێ بکەن، ڕەنگە هەوڵی چاکسازی بدات! پسپۆڕانی ئاڵمانی دەڵێن ئا لەم حاڵەتەدا کە بانکەکان دەیانەوێت ئاڵمان بگرنە دەست خۆیان، تەنیا زانیاری خەڵک بەسە بۆ ئەوەی کە بزانن چ داهاتوویەکی کۆیلایەتی چاوەڕوانیانە و ئەوان واتە خەڵک ئەبێت هەموو بزانن کە لە ئەگەری نیزیک بوونەوەی وەها حاڵەتێکدا، تەنیا یەک ڕێگا و بەس ئەم ڕێگایە هەیە بۆ ڕزگار بوونی وڵاتەکانیان لە چنگ بانک و ئەویش ئەمەیە کە هەموو بە یەک ڕا بچنە بانکەکان و دراوەکانیان بێننە دەر، واتە سندووقەکانی بانک خاڵی دەبێتەوە و ئیتر بانک ناتوانێت بە دراو و پوڵی خەڵک هیچ ڕەقەمێک کرێدیتی ڕەقەمیی خاڵی بە کەس بدات و ئەوجار ئەوە بانکەکانن کە وەرشکستە دەبن و نەک دەوڵەت یا وڵاتەکەیان و بەم شێوە ڕزگاریان دەبێت و بۆیە شارەزایان و ناڕازییان لەو وەزعە هەر لە ئێستاوە خەڵک لەم زانیاریانە ئاگادار ئەکەنەوە.

ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێت کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پشت سندووقی نێونەتەوەییەوەیە، منیش هەر وام ئەزانی، بەڵام بە خوێندنەوەی زیاتری بابەتەکە بۆم دەرکەوت کە دەوڵەتی ئەمریکاش بۆخۆی هەر یەکێکە لە قەرزدارانی ئەو سندووقە و هەر ئێستاکە دەوڵەتی ئەمریکا ۱۲۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰۰دۆلار واتە دوازدە هەزار میلیارد دۆلار بەو سندووقە قەرزدارە و ڕۆژانەش ۳ میلیارد دۆلار بەهرەی سەر دەچێت کە دەکاتە ساڵی هەزار و سەد میلیارد بەهرە و هەتا بەهرەش زیاتر دەبێت، ئەوجار بەهرەی بەهرەکەش زیاتر دەبێت و ڕەنگە پاش دە ساڵی دیکە بکاتە ڕۆژی چوار میلیارد بەهرە!! دوازدە هەزار میلیارد قەرز بۆ دەوڵەتێکی وەکو ئەمریکا کەم نییە، دەوڵەتی ئەمریکا ئەمساڵ بۆ دانی تەنیا حەوتسەد میلیارد بە بانکە بچکۆلەکان بۆ هاتنە دەر لە قەیران زۆر هەراسان ببوو، کە ئەمە هێشتا ناکاتە هەزار میلیاردیش، لە حاڵێکدا دوازدە هەزار میلیارد قەرزدارە و ڕۆژانەش سێ میلیاردی لە ئێستادا بەهرە سەر دەچێت، بۆیە ئەمریکا ئەمڕۆکە لە هەمیشە قەرزدارتر و وەرشکستە ترە. وەک دەبینین سەرۆکی ئەمریکا باڕاک ئۆباما لەم ڕۆژانەدا کە من خەریکی نووسینی ئەم بابەتەم، سەردانی ئاسیا و بە تایبەت چین و مالیزی کرد و لە کۆبوونەوەی جی بیستیش و ئاپێکیشدا داوای یارمەتی لە چین و ئاڵمان کرد. چین ئێستا لەم قەیران و ڕکودە ئابورییەی ئەمریکادا ئەو بە یەکەم هێزی ئابوری جیهان پێناسە ئەکرێت.

بە هەر حاڵ ئەمریکا تەنیا بازوویەکی نیزامییە کە هەر لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانییەوە بۆخۆی ڕۆڵی پۆلیسی جیهانی وەئەستۆ گرتووە و هەر ئەویش بوو کە بە دەمی جۆرج بووشی باوک، چەمکی "نەزمی نوێی جیهانی" هێنایە ئاراوە، هەر ئەو نەزمەی کە سندووقی نێونەتەوەیی بە تەمایەتی، واتە لە هەموو جیهاندا و بە سەر هەموو جیهاندا تاقە یەک دەسەڵات، یەک دیسیپلین، یەک ئایین، یەک حکومەت، یەک پۆلیس و هتد لە بەر چاو گیراوە بۆ داهاتووی زەوی و بۆ ئەم مەبەستەش سینەمای هۆلیوود بە دروست کردنی فیلمگەلی تایبەتی خراوەتە ئامادە کردنی زێهنییەتی خەڵکانی جیهان بۆ سەر خستن و قەبووڵ کردنی ئەو هزرە و ئامادە کردنیان بۆ ئەو مەبەستە.

**شیکردنەوەی زیاتر بۆ تێگەیشتنی زیاتر**

وەک وترا سیستەمی دراوی نوێ هەموو کەسی قەرزداری خۆی کردووە، هەر لە تاکەکانی مرۆڤەوە بگرە هەتا دەوڵەتەکان و کارخانەکان و هیدیکەش. بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کە دراو بە سیستەمی نوێ و ئەمڕۆیی و لەو کاتەدا کە هەموو کەس بە بانک قەرزدارن، چلۆن کار دەکات و چلۆن قازانج و بەهرە پەیدا دەکات، زۆر ڕێگا بۆ تێگەیشتنی هەیە کە من هەوڵ دەدەم سێ (٣) دانەیان لێرە باس بکەم. یەکەمیان چیرۆکێکە کە بە زمانێکی زۆر ساکار شێوەی بەهرەمان پێ نیشان دەدات، دیارە وەک وتم ئەمە تەنیا چیرۆکە و هەڵبەستراوە و ڕاستی نیە، بەڵام شێوە کارکردێکی ساکاری ڕابیتەی پوڵ و بەهرە و ڕەقەمی خاڵیی ئیعتیباریی بانکمان نیشان دەدات!

چیرۆکەکە ئاوا دەسپێدەکات: ڕۆژێک کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند و خاوەن پارە (تۆ بخوێنەرەوە بانک) ئەچێت بۆ شارۆچکەیەک کە خەڵکەکەی هەمووی بە هۆی بارودۆخی سیستەمی نوێی دراو بە یەکتر قەرزدارن و لە بەر ئەوەی پارە نییە هەموو شتیان بە ئەمانەت و قەرز بە یەکتر داوە. کابرای خاوەن پوڵ هەر کە دەگاتە ناو شار لە پێش هەموو کارێکدا بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرەتا شوێنی حەوانەوە و حەسانەوە و دووش و خەو دیاری بکات و ئەوجار وەدوا کارەکانی بکەوێت. چاوی بە هۆتێلێک ئەکەوێت و ئەچێتە ژوور و خاوەن هوتێل بە هۆی قەرزداری و بێ پوڵی بۆخۆی بە تەنیا هوتێل بە ڕێوە دەبات و هیچ کرێکاری نیە، بۆیە بەرەو پیری موشتەری خاوەن پارە ئەڕوات و بەخێرهاتنی دەکات و خاوەن پارە بە پەلە ئەڵێت ژوورێکی باش و خاوێنم بە هەموو ئیمکاناتەوە بەرێ بۆ ئەمشەو. خاوەن هوتێل خێرا ئەڵێت ئەکاتە دوو سەد یۆرۆ و خاوەن پارە دووسەد یۆرۆی ئەداتێ و کلیلی لێ وەردەگرێت و ئەڕوات بۆ ژوورەکەی. خاوەن هوتێل کە قەرزدارە خێرا ئەڕواتە خوار بۆ دووکانی ژێر هۆتێلەکەی دووسەد یۆرۆکە ئەدات بە خاوەن دووکانەکە و ئەڵێت ئەوا قەرزی من و تۆ پاک بوو، واتە قەرزەکەی ئەداتەوە. خاوەن دووکانیش کە هەروەتر بە خاوەن ئەنبار قەرزدارە خێرا ئەڕوات و دووسەد یۆرۆکە ئەدات و قەرزەکەی یا بەشێک لە قەرزەکەی پاک دەکاتەوە. خاوەن ئەنباریش هەروەتر خێرا ئەڕوات بۆ لای ئاشەوان و بەشێک لە قەرزەکەی پاک ئەکاتەوە و ئیتر ئەم دووسەد یۆرۆیە هەروا دەست بە دەست ئەڕوات هەتا ئەگاتە دەست کۆچەرێک و کۆچەریش قەرزەکەی وەردەگرێتەوە و خێرا ئەڕوات بۆ هۆتێل و داوای لێبوردن دەکات کە قەرزەکەی بە هوتێل وەدوا کەوتووە و ئەمەش دووسەد یۆرۆ با بەشێک لە قەرزەکەم پاک بێتەوە و بەم جۆرە دووسەدەکە ئەگاتەوە دەست خاوەن هوتێل و لەم کاتەدا کابرای دەوڵەمەندی خاوەن پارە لە ژووری هوتێلەکە دێتە دەرەوە و ئەڵێت نە ژوورەکەم بە دڵە و نە هوتێلەکە، زۆر پیس و بێ ئاوە، ئەڕۆم بۆ شوێنێکی دیکە. خاوەن هوتێلیش دووسەد یۆرۆکە کە گەیووەتەوە دەست خۆی ئەداتەوە بە کابرا و ماڵئاوایی لێ دەکات و خاوەن پوڵ (بانک) دووسەدەکە ئەخاتە گیرفانی و ئەڕوات.

لێرەدا چیرۆکەکە کۆتایی دێت، بەو دووسەد یۆرۆیە کۆمەڵێک خەڵک قەرزەکانی خۆیان پاک کردەوە، بێ ئەوەی بچێتە گیرفانی هیچکامێکیانەوە. دیارە مەبەستێکی زۆر گرنگ لەم چیرۆکەدایە و ئەویش ئەوەیە کە دراو یا پوڵ خۆی خۆ بە خۆ کار دەکات و خۆی قازانج و بەهرە پەیدا دەکات و نەک هێزی کار. لە سیستەمی نوێی دراودا کاری تاکی مرۆڤ بەهرەی نیە، تەنیا خۆ بەخێو کردنە و بە کارکردن قازانج پەیدا نابێت، بەڵکو لەم سیستەمە نوێیەدا تەنیا پوڵ، پوڵ پەیدا دەکات و ئەویش لە ڕێگای سوود و بەهرەی پوڵ خۆیەوە، ئەو شتەی کە دەڵێن لە ئیسلامدا حەرامە، بەڵام هەموو سیستەمە بانکییە ئیسلامییەکانیش وێڕای بانکە ڕۆژئاواییەکان بەڕێوەی دەبەن!

نمونەی دووهەم حسێب کردنی بەهرەی (٧%) لە سەد هەزار دولارە، کە چلۆن ئەو سەد هەزارە کار دەکات و خۆبەخۆ زیاد ئەکات، بە بێ ئەوەی کەس دەستی تێوەربدات، جا ئەم نمونە ئەتوانن بۆ میلیاردەکان، کە دەوڵەتەکان لە سندووقی نێونەتەوەیی دراوی وەر دەگرن، حیساب بکەن و تەنیا سیفرەکانیان پێ زیاد بکەن:

تەنیا بەهرەی حەوت لە سەدیی دە ساڵی سەد هەزار دەکاتە ٩٦.٧٢٠ دۆلار، واتە هەر کەس سەد هەزار لە بانکێک وەبگرێت و بانک حەوت دەرسەد بەهرەی سەر بخات، پاش دە ساڵان ئەبێ قەرزدارەکە سەد و نەوەد و شەش هەزار و حەوتسەدوبیست دۆلار بداتەوە بە بانک (١٩٦.٧٢٠) واتە پاش دە ساڵان نیزیکەی دو قات دەبێتەوە و ئەمە وەک لەو جەدوەلی وێنەییەدا ئەیبینن، پاش سەد ساڵان تەنیا بەهرەی ئەو سەد هەزارە دەکاتە (٨٦.٧٧١.٦٣٠) نیزیکەی هەشتا و حەوت میلیۆن دۆلار. بانکی ناوەندی جیهان یا سندووقی نێونەتەوەیی دراو هەر

لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەستی کردووە بەم شێوە کاسپی و قەرز دان بە دەوڵەتەکان و ئێستا پاش نیزیکەی نەوەد (٩٠) ساڵ هەموو جیهان بەو بانکە قەرزدارە و وەک لە سەرەوە نمونەی ئێران و جەزایر و بردنی نەوت و گازم باس کرد، داهاتی ئەو سندووقە بە دەیان و سەدان قات زیاتر بووە لەو قەرزەی کە بە دەوڵەتەکانی داوە. تازە خۆ ئەو بە زۆری ڕەقەمی ئیعتیباریی دەدات و نەک زێڕ یا شتی قیمەت دار. پسپۆڕان باس لەوە دەکەن کە بانکەکان و بە تایبەت بانکی جیهانی لەو برە ڕەقەمە ئیعتیبارییەی کە وەک قەرز دەیداتە ئەم و ئەو، بانک تەنیا دە لە سەدی ئەو میقدارەی زێڕ یا ئەڵماس و شتی قیمەتیی لە پاشەکەوت یا زەخیرەی خۆیدا هەیە، باقیەکەی تەنیا ڕەقەمی خاڵییە ئەیدا و ئیعتیباری جیهانی پێ ئەدات، کە چلۆنایەتی ئەو کارکردە ئەگەر چی من یەک تۆزقاڵی لێ تێ دەگەم بەڵام بە گشتی لە سەوادی من بە دەرە و پێویستە پسپۆڕان و زانایانی ئەو بوارە لە سەری بدوێن. ئەوەندەی من لێی بزانم، بەم شێوەیە کار دەکات: بانک پارە بۆ خەڵک هەڵدەگرێت و تەنانەت لە حسێبە پەس ئەندازەکاندا بەهرەش بە خەڵک ئەدات. ئەگەر یەک میلیۆن نەفەر خەڵک بۆ نمونە لە بانکێک حسێب بکەنەوە، پارەکانیان کەم یا زۆر لەوێ دادەنێن، جا ئەمە بێجگە لە پارەی کڕین و فرۆشتنەکان کە لە بانکەکان دەمێننەوە، چوونکە بانک سەدان جۆر مەعامەلە دەکات بە دراو و پارە. دراوی ئەم یەک میلیۆن خەڵکە و دارایی بانکیش خۆی هەر هەموو بێجگە لە دە دەرسەدی کە لە زەخیرەی بانک ئەمێنێتەوە، باقی لە سەدا نەوەدەکەی بە قەرز بە خەڵکی دیکە ئەدرێت کە پێویستیان بە قەرز یا ڕەهنە، خانوو یا ماشین و کارخانە و شیرکەت دەکرن. واتە بانک هەم بە دراو و پوڵی خەڵک کاسبی دەکات و هەمیش بە ڕەقەمی خاڵی، خۆ ئەگەر زۆرینەی ئەو یەک میلیۆن خەڵکە بچن لە ماوەیەکی کورتدا پارەکانیان لە بانک ڕاکێشنە دەرەوە، بانک ئەبێت دایبخات، چوونکە تەنیا دە دەرسەدی هەموو ئەو پارەی بە قەرزی داوە لە بانکدا هەیە و ئەمە هەر بەشی کەمتر لە سەد هەزار نەفەر خەڵک دەکات. بانک بەوە بردوویەتییەوە کە خەڵک هەموو ناچن پارە دەر بێنن و مەعامەلەکانیشی تەنیا بە کەم کردنەوە و زیاد کردنەوەی ڕەقەمی ئەم و ئەو دەکات، یەکێک بیست هەزار قەرز وەردەگرێت، ڕەقەمێکی بیست هەزاری لە سەر حیسابەکەی زیاد دەکەن. ((خۆ کەس قەرز وەرناگرێت بۆ ئەوەی پارەکە دەر بێنێت و لە ماڵەوە بیشارێتەوە، بەڵکو خێرا ئەیدا بەو شتەی کە پێویستیی پێی هەیە و ئەوەش هر بانک بۆی دەکات و ئەوجار هەوڵ ئەدات زوو قەرزەکەی بداتەوە بۆ ئەوەی بەهرەکەی کەمتر بێت.)) بانک بیستەکە لە حسێبی ئەم کەم دەکاتەوە و بە حسێبی یەکی دی کە شتی لێکڕدراوە زیاد دەکات. تەنانەت ئەگەر پارەکەش دەر بێنێت و بە دەست خەرجی کات، دووکانەکان ئێوارە پارەکە دەخەنەوە بانک. یا نمونەی دیکە یەکێک دە هەزار قەرزدارە، دە هەزار ڕەقەم لە حیسابەکەی کەم دەکەنەوە، هەمووی تەنیا بە ئەلەکترۆنیک و حیساب و ڕەقەم. ئیتر بانک بۆخۆی بە دراوی خەڵک و بە ڕەقەمی خاڵی بەهرە وەر دەگرێت و سەدان مەعامەلەی گەورە و چکۆلە بە دراوی خەڵک ئەکات و بەم شێوە بانک پاش ٥٠ ساڵ لە هەموو ئەو خەڵکە دەوڵەمەندترە! وەک وتم ئەمە بە زمانێکی سادە و ئەوەندەی من تێی بگەم، بەڵام پسپۆڕان زیاتر لە وردەکارییەکانی دەزانن! بێرتۆڵت برێشت شاعیر و ڕوناکبیری شۆڕشگێڕی ئاڵمانی وتوویە، تەنیا مرۆڤگەلی گەمژە و ئەحمەق دەچن بانک ئەبڕن، مرۆڤی زیرەک بانک نابڕن، دەچن بانک دائەمەزرێنن!

| بەهرەی %7 لە 100.000 دۆلار | پاش .... سالان |
|---|---|
| دۆلار 96.720 | پاش 10 سالان |
| دۆلار 547.740 | پاش 25 سالان |
| دۆلار 2.945.700 | پاش 50 سالان |
| دۆلار 15.987.600 | پاش 75 سالان |
| دۆلار 86.771.630 | پاش 100 سالان |

جا ئەم بەهرەیە کە دەوڵەتەکان بە میلیاردەها ئەبێت بیدەنەوە ئەبنە مایەی هەژاری و گیرۆدەیی زیاتری وڵاتەکان بە قەرز و بەهرە

نمونەی 2

نمونەی سێهەم: باسێکی نیوە زانستییە کە تەواو و دەقیق نییە، بەڵام بۆ ئەوەی هێزی بەهرە باشتر بناسرێت، کەسانێک هاتوون لێکیان داوەتەوە کە ئەگەر گریمان (بە فەرزی مەسال) باوکی عیسای پێغەمبەر ئەوکات کە عیسا لە دایک بووە (دیارە عیسا گوایە باوکی نەبووە) حسێبێکی پەس ئەندازی بۆ عیسا بکردایەتەوە بە ٥% بەهرەوە، وە ئەو کات باوکیی تەنیا یەک سێنتی (با بڵێین یەک سێنتی دۆلار)ی بۆ دابنایە و عیساش ئەو حسێبەی هەر دانەخستبایە و تاساڵی ٢٠٠٠ حسێبەکە مابایە، پاش دوو هەزار ساڵان بە پێی ئەو سیستەمی بەهرەی بانکییە ئەو یەک سێنتە ئاوای لێ دەهات:

0.01 * 1.05 ^ 2000 = 23.911.022.000.000.000.000.000.000.000.000.000.000.000 $

واتە ئەو یەک سێنتەی عیسا پاش دووهەزار ساڵان دەیکردە نیزیکەی ٢٤ سیکستیلیارد دۆلار (24 Sixtilirade).
جا ئیتر بۆخۆتان لێکی بدەنەوە کە چۆن لە نەوەد ساڵی ڕابردوودا بانکی جیهانی بووە بە خاوەنی نیوەی زۆرتری دەوڵەتان و تەنانەت وڵاتانی جیهان و ئەم ڕەوەندە لە داهاتوودا بەرەو کوێ ئەمانبات؟

**خاوەنی سەرەکی و حەقیقیی دراو کێیە؟**

پسپۆڕانی بواری دارایی و دراو باسی ئەوە دەکەن کە بە پێی سیستەمی نوێی دراو، کە هەندێک کەس پێیان وایە فکرەکەی لەگەڵ هزری بازاڕی ئازاد پەیدا بووە بەڵام دواتر بە کردەوە کراوە، هەموو کەس بە بانک قەرزدارە و یا ئەوەی کە ئەوە بانکە کە خاوەن پارەیە و نەک دەوڵەتەکان و دەوڵەتە دەسمایەدارییەکانی جیهان لە بەینی ١٢٠% تا ٢٠٠% بە بانکەکان قەرزدارن. بۆ نمونە وڵاتی ژاپۆن یەک لەو وڵاتانەیە کە لە بیست ساڵ پێش ئێستاوە قەرزداری بانکە و ئێستا زیاترین قەرزداری دەوڵەتیی بە بانک، دەوڵەتی ژاپۆنە کە قەرزی ئەو لە سەدا دووسەدە، بەڵام وڵاتانی پیشەسازی و مۆدێرنی وەک ئاڵمان و فەڕانسە و تەنانەت دەوڵەتی ئەمریکا و هیدیکەش وەک باسی کرا قەرزداری بانکن کە کەمترین ڕادەی ئەو قەرزداریانە گوایە ١٢٠% دەرسەدە و هی ئاڵمانە. دەوڵەتەکان وا نیشان دەدرێن کە گوایە پوڵ لە دەست ئەواندایە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم شتە لە مێژە وا نەماوە و وەک باسی کرا خاوەن پوڵ بانکەکان و لە سەروو هەموویانەوە بانکی جیهانیە. دەوڵەتەکان تەنیا پارێزەری پوڵ و لە چاپ دەری پوڵن و بە ئیرادەی بانک کار دەکەن و هەڵدەسووڕێن و ئاڵ و گۆڕیان پێ دەکرێت. دەوڵەتەکان تەنیا نیگابان و پاسەوانی پوڵ و دراون و ڕاسپێردراو و بەرپرسن لەمەڕ کۆنترۆڵ کردنی خەڵکانی وڵاتەکەیان، وە یاسا پێک دێنن و لە ئەساسدا دەوڵەتەکان تەنیا هێزی سەرکوتگەر و یا حاڵەتی پۆلیسیی بۆرۆکڕات و نیزامییان هەیە کە بە کار دەهێنرێن و بۆ کارەکانیشیان مواجب و بوودجەکەیان لە بانک وەردەگرن. وێڕای ئەمانە دەوڵەتەکان کۆمەڵێکیش داهاتی ناوخۆییان هەیە وەک ماڵیاتەکان و بە گشتی داهات و ئەخخازیی و باجگیرییە دەوڵەتیەکان و هیدیکە کە دەچنە سەر بوودجەی دەوڵەت و بەشێکی زۆریشی خەرجی ئاوەدانی و جادە و بان سازیەکان دەکرێتەوە، بەڵام بە گشتی خاوەنی سەرەکی پوڵ یا بە واتایەکی دیکە ئەوەی پوڵی هەیە بانکە و نەک دەوڵەت. بەڵام ئەوەی کە کێ لە پشت بانکەوەیە و کێ خاوەنی بانکە، ئیتر ئەچێتە خانەی تیئۆری تەوتەئە و هەر کەسە و یەکێک ناو دەبات یان گرووپێک و یا ئایین و نەتەوەیەک ناو لێ دەنێت و دیار نیە کە کامیان ڕاستە. هەندێک فڕای ماوڕێرەکان و کۆمەڵێک بیلدێربێرگەکان و هەندێک فریماسیۆنێرەکان و هەندێک ڕاکفلێرەکان و هەندێک سەهیۆنیزم و کۆمەڵێک پادیشا و مەلەکەکان و کۆمەڵێک دەڵێن دانیشتوانی دوورگە یا جەزیرەی کێمن ئایلانس و هەندێک بوونەوەرە فەزاییەکان و هەندێک ئایینی یەهوود و مەسیح و هیدیکە دەکەنە خاوەن بانک و کەسانێکیش تێکهەڵکێشێک لە هەموویان دەکەنە خاوەنی بانک کە گۆیا گرووپێکیان هەیە بە ناوی ڕاوند تەیبڵ واتە مێزی بازنەیی. ئەمانە هێشتا لە گوومانەکاندا ماونەتەوە و تەنیا خاوەن یا خاوەنانی بانکی جیهانی خۆیان سەر لە ڕاستیی ئەو ڕازە دەر دێنن. کتێبێک هەیە بە بەرگێکی سوور و نووسەرێکی خوازراو کە لە ئوروپا مەمنووعە، من چوارد ساڵ پێش ئێستا کەوتە بەر دەستم، بەڵام ئەوکات زمانی ئاڵمانیم زۆر کول بوو نەمتوانی بیخوێنمەوە و بە داخەوە کۆپییەکیشم لێ هەڵنەگرت. نووسەری شاراوە لەو کتێبەدا ئەوەندەی من بیستبێتم، بە ناو هێنان و بە بەڵگەی حاشا لێنەکراوەوە ناوی ٢٥ کەس دەبات کە خاوەنانی بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیین و وتوویە هەر

ئەوانەشن کە پلان و تەرح و بەرنامەی شەڕەکانی جیهان، قەیرانەکانی جیهان، نەخۆشینە ئێپیدێمیەکانی جیهان، کارەساتە بە زاهیر سرووشتییەکانی جیهان و زۆر شتی دیکە دادەڕێژن، بە داخەوە ناوی کتێبەکەشم لە بیر نەماوە، بەڵام ئەبێت شتێک بێت وەک، کێن ئەوانەی جیهان هەڵدەسووڕێنن، یا شتێکی لەو بابەتە!
کەسانێک باسەکە زۆر قووڵتر دەبینن و هزری پێک هاتنی بانکی جیهانی (من پێم وایە مەبەستیان هزری دەسەڵاتداری جیهان بێت) ئەگێڕنەوە بۆ دەسەڵاتی فیرعەونەکانی میسر و پاشان موسای پێغەمبری جوولەکەکان و تەنانەت بناخەکەی پەیوەند دەدەنەوە بە داوودی ناسراو بە پێغەمبەر و سەرهەڵدانی کتێبە ئاینیەکانیش وەک زەبوور و تەورات و پاشانیش ئینجیل و قورئان هەموو پەیوەند ئەدەنەوە بە یەک مەبەست، بە دەستەوە گرتنی جیهان، ئالوودە کردن و گرفتار کردنی خەڵکەکان و مرۆڤایەتی بە خورافات و ئاینەکان بۆ مەشغووڵ کردنیان بەو شتانەوە! هەندێکیش پەیوەندی دەدەنەوە بە ئاشوورییەکان و پێیان وایە کە ئاشوورییەکان بە دوای شکستیان لە مێزۆپۆتامیا بە دەستی مادەکان، ئیتر لەو ناوچانە دەر دەکرێن یا هەڵدێن و ئیتر ئەوانیش بەرەو سەروو و ناوەڕاستی ئوروپا دەڕۆن و چوون زیرەک دەبن و بیریش لە تۆڵە دەکەنەوە بناخەی وەها شتێک (بەهرە) دائەمەزرێنن بۆ ئەوەی هەم تۆڵەی خۆیان کردبێتەوە و هەمیش جیهان بە دەستەوە بگرن. کە ئەم بە دەستەوە گرتنی جیهانە وا ئەمرۆکە خەریکە دێتە دی و کۆنترۆڵی جیهان و خەڵکانی جیهان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە هۆی ئامێرە نوێکان و لە سایەی تۆڕی جیهانی ئینتێرنێتەوە ئاسانتر و ساکارتر دەبێتەوە.
خارج لە باسەکە من بۆخۆم کە ئەم تیئۆری تەوتەئانە دەبیستم، دەکەومە ئەم خەیاڵاتەوە کە تۆ بڵەی ئەوە ئەو تۆڵە نەبێت کە لە کوردی دەکەنەوە؟ چوونکە کوردان و زمانە ڕەسەن و کۆنەکانی کوردی بە نەوەی نوێی مادەکان ناسراون و کوردیش ئەم هەموو زوڵم و زۆرەی لێ چووە و لێی دەچێت و گەورەترین نەتەوەیە کە کەس چاوی بەوە هەڵ نایات کە دەوڵەتی ببێت! تۆ بڵەی دامەزرێنەرانی بانکی جیهانی لە پشت لەت کردنی کوردستان و تۆڵە لەم نەتەوە نەبن؟ مرۆڤ نازانێت بڵێ چی، بەڵام زۆر ئاشکرایە کە بە زاهیر کوردستان بە دەستی زلهێزەکان لە لۆزان دابەش و لەت لەت کرا و ئێستا ئیتر گرفتی کورد هێند ئاڵۆز بووە کە تەقریبەن لە ئیرادەی کورد خۆیدا نەماوە و مەگەر هەر ئەوانەی کە لەتیان کرد دووبارە ئیرادە بکەن و کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت کە لەو حاڵەتەشدا دەوڵەتێکی وابەستە و هەڵبەتە قەرزداریش دەبێت، وەک زۆر دەوڵەتی دیکەی ناوچەکە. هەر ئەو ئیرادەیەش بوو کە دەوڵەتی ئیسرائیلی لە فلستین سەقامگیر کرد و تا ئەمرۆش ئەیپارێزێت.

دەگێڕنەوە و دەڵێن، هێنری فۆرد کە خۆی بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی بانکی جیهانی لە ناو فۆرێدەکاندا ناوی هەیە، وتوویەتی: "ئەگەر خەڵک هەمووی بیزانیبایە کە پوڵ یا دراو چیە و بەهرە چۆن کار دەکات، هەر سبەینێ لە هەموو کوێ شۆڕش بەرپا دەبوو."
مایر ئامشێل ڕۆتشیڵد ئەڵێت: "لە جیهاندا حەوت عەجایەبی جیهانی سەبت کراوە کە یەکیان هێرەمەکانی میسرە، ئەو دەڵێت هەشتەمین پەدیدەی عەجایەبی جیهان سیستەمی بەهرەی بەهرەیە کە بانکی جیهانی کەڵکی لێ وەردەگرێت".
کەسانێکیش دەپرسن کە بۆچی ئابوریزانێکی وەکو سیلڤیۆ گێسێل کە ڕەخنەگری بەهرەی بەهرە بووە لە هیچ کوێ ناوی نیە و تەنانەت خوێندەوارانی بواری ئابوریش بە دەگمەن ناوی دەزانن؟
هەندێک کەس دەپرسن بۆ کتێبە بە ناوبانگەکەی خاتوو هێلێنا پێترۆڤنا بلاڤاتسکی کە خاتوونێکی ڕووسی ئاڵمانییە، بە ناوی (The Secret Doctrine) ناوی نیە و زۆر کەم پەیدا ئەبێت؟
بێجگە لەمانە کۆمەڵێک ناو هەن کە ڕاستە و خۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو تیئۆریانەوە هەیە کە نیوە ونن، بۆ نمونە: جۆن دیکسۆن، ژنراڵ ئاڵبێرت پایک، سێسیل جۆن ڕۆدس، جۆن ڕۆسکین، ئارتور جێیمس باتفور، بێنیامین کرێم خاوەنی شێر ئینتێرناسیۆناڵ و زۆر کەسانی دیکە. هاوکات گومان لە سەر کەسانی نوێ کە پێیان زیاد بوون هەیە وەکو، جۆرج بووشەکان و کلینتۆن و تۆنی بلێر و تەنانەت گورباچۆڤ و هی دیکەش کە کەم و زۆر سەرپەرشتیار یا سەرۆکی ڕێکخراوێکی جیهانیی سەر بە سندووقی نێونەتەوەیین. گورباچۆڤ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەیەکی جیهانی بە ناو ژینگە پارێزی دەکات و تۆنی بلێر لە ئاشتی

ڕۆژهەڵاتی ناویندا خراوەتە گەڕ و کلینتۆن و بووشی باوک زۆر کاری بە ناو "مرۆڤپاریزانە" خراوەتە ئەستۆیان و هتد!

ئەگەر ئەم تیئۆرییانە ڕاست بن، کە من پێم وایە ئەگەر هەموویشیان ڕاست نەبن، ئەوا هەندێک ڕاستییان هەر تێدایە، ئەوا ئەبێ بڵێین کە بانکی جیهانی کە هەمووان پێی قەرزدارن، ئیتر بەرەو ئەوە ئەڕوات کە جیهان بە تەواوی بگرێتە ژێر چەپۆکی خۆی و ئاواتە لە مێژینەکەی بێتە دی. هەندێک دەڵێن ساڵی ٢٠١٢ جیهان تێک ئەچێت، کە پێشتر لەمبارەوە شتم نووسیوە، بەڵام هەندێکیش دەڵێن نەخێر لە ساڵی ٢٠١٢دا شەڕێکی حەوت ساڵە کە تا ٢٠١٩ بەر دەوام دەبێت دەست پێ دەکات و گوایە هێلێنا ئەو خاتوونە ڕووسییە کە لە سەرەوە باسم کرد، لە کتێبە ونەکەیدا، سیکرێت دۆکترین، باسی ئەمەی بە شێوەی پێش وتن کردووە، چەندە ڕاستە نازانم و چەندەش ڕوودەدات ئەویش نازانم، بەڵام ئەگەر ڕوو بدات ئەوا ئیتر ئەمە شەڕی نیهایی بانکی جیهانیە بۆ کردنی هەموو جیهان بە خەڵکەکانییەوە بە یەک نەتەوە و یەک ئایین. دیارە ئەبێت لەو شەڕە حەوت ساڵەدا کە دیارە بە چەک و چۆڵی ناوەکی و مۆدێرن و نوێ و هاوکات بە کار هێنانی ڕۆبۆتەکان لە شەڕەکاندا و شەڕی سایبێری دەکرێت، ئیتر خەسارەتی گیانی مرۆڤەکان، بێجگە لە کاولکاری، دەیان ئەوەندەی شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی بێت، ئەگەر نەڵێم کۆتایی مرۆڤایەتی یا خۆ تەنیا مانەوەی چەند میلیۆن کەسێک و ئەمانەش ئەبنە خاوەنی هەموو زەوی بۆخۆیان!! لێرە مرۆڤ ئەکەوێتە بیری فیلمەکانی هۆلیوود کە وادەردەکەون کە بە مەبەست و لە ڕووی ئەم تیئۆری تەوتەئاناوە دروست کرابن، ئەگەر چی هۆلیوود ئەگەر خۆیشی ڕاستەوخۆ دەستکردی بانکی جیهانی نەبێت ئەوا لە سەدا سەد ناتوانێت وابەستە یا گیرۆدە بە بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێونەتەوەیی نەبێت.

**لەم ڕوانگانەوە داهاتوو چلۆن پێش بینی دەکرێت؟**

ئەگەر لە ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە ئەم باسە بکەمەوە، وادیارە کە شەڕە جنێو و شەڕە دەندووکەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشە و گووڕەشەکانی ئەو لە ئیسرائیل و ئەوانی دیکە و هەروەها پێداگری ئەوان لەمەڕ وزەی ناوەکی بە بێ هۆ نییە و حەتمەن ئەوان کە دەوڵەتن شتێکی لێ دەزانن. ئەگەر چاوێک لە تلویزیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، دەبینین کە ڕۆژ نیە کۆماری ئیسلامی وتارێک یا چەند وتار و وتوویژ لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا نەخوێندرێتەوە و ئەمانە بێجگە لە قسەکانی سەرۆککۆمارەکەی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا! ئەگەر ئەو شەڕانەی داهاتوو کە پێش بینی دەکرێن ڕاست بن و ڕوو بدەن، ئەوا ئایین و ئایدیۆلۆژییەکان خۆیان لە مەترسیدا دەبینن و لە سەروو هەموو ئەوانەوە موسوڵمانەکان و ئەمڕۆکەش سەرکەشترین ئیسلامییەکان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبە توندڕەوەکانی سەر بە ئەو وەک حیزبوڵڵا و حەماس و کۆتلەی سەدر و زۆری دیکە لە جیهانن کە خۆیان بۆ وەها شەڕگەلێک ئامادە کردووە. شیعەکان دەڵێن مەهدی دێتەوە و مەسیحییەکان دەڵێن عیسا دێتەوە و سوونەش کە باوەڕی بە ئاخرزەمانە! دیارە من تالیبان و ئەلقاعیدە ناخەمە ناو کاتێگۆریی ئێران و ئەوانەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەمان خۆیان بەشێکن لە پلان و تەرح و بەرنامەکان و ئەجیر کراون بۆ کردنی ئەو کارە قێزەونانەی وا دەیکەن و ئەو بەرەی تێرۆریزمە کە گوایا ئەوانن، تەنیا ڕۆڵە لە ناوچەکە دەیگێڕن و هیچی دیکە و ڕووداوە تێرۆریستیەکان کە ئەوان دەیانگرنە ئەستۆ، تەنیا پێیان سپێردراوە کە بیگرنە ئەستۆ، ئەگیا ئەو کردوەوانە لە شوێنی دیکەوە و بە پلان و بەرنامەی داڕێژراوی دیکەوە، دادەڕێژرێن، ئەگەر چی جار و بار و تاک و تroوک کەسانێکی ئەقیدەتی پەیدا دەبن کاری خۆکووژی بکەن، یا لە ئەفغانستان و لێرە و لەوێ جار و بار شەڕ لە دژی هێزە داگیرکەرەکان دەکەن، بەڵام زۆر تاک و تroووکن! ئەوەتا لە ئێراق کردەوەی خۆکووژی کە پێشتر هەموو ڕۆژە بوو ئێستا تەقریبەن نەماوە، یانی ئەبێت بڵەین کەس باوەڕی بە ئیسلام نەما و ئیتر کەس بە تەما نییە بچێتە بەهەشت؟ ئەی بۆ ئەگەر پێشتر گوایە ڕۆژی یەک دووکەس، کە ناویشیان مەعلووم نەبوو، چالاکی ئینتیحاری و

خۆکووژییان دەکرد، لە پڕ کەس نەما، بیجگە لە جار و بار بۆمبێک کە لێرە و لەوێ هەڵدەتۆقێت و ئەویش بە دڵنیاییەوە زۆربەیان لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و ئەتەقێندرێن؟

## ڕوانگەی چەپە ئۆرتۆدۆکسەکان (لە هەموو جیهان) چۆن هەڵسەنگێنین؟

من پێم وایە کە چەپەکانی ئەم سەردەمە لە خۆڕا و بە هەڵە و لە ڕووی تێ نەگەیشتنەوە هزری لیبڕالیزم و دەوڵەتەکانیان بە ناوی دەسمایەداری و ئەمانە کردۆتە دوژمنی خۆیان، لە حاڵێکدا کە لە پشت هەموو ئەو شتانەوە ئوختاپووسی بانکی جیهانی و دراوی جیهانی ڕاوەستاوە کە نایبینن، یا نابیندرێت. تەنانەت ئەگەر لە سەدەی بیستەمیشدا شتێک بە ناوی سەرمایەداری هەبووە، ئێستا هەموویان قەرزداری بانکی جیهانین، سەیری دەوڵەتی سەرمایەداری ژاپۆن بکەن کە دووسەد دەرسەد قەرزداری سندووقی نێو نەتەوەییە و یا دەوڵەتە ئوروپییەکان کە لە سەرەوە باسم کردن. دەوڵەتەکان وەک وترا ئەمڕۆکە تەنیا فەرمانبەرن و سەرۆکەکانیشیان تەنیا مۆرەن کە دەیان هێنن و دەیانبەن و ئەیانگۆڕن، بەڵام بەرنامەی دەوڵەتەکان سابیتە و هەر ئەوەیە کە پێشتر بووە و دواتریش هەر وا دەمێنێت بە ئاڵووگۆڕێکی سەلیقەیی بچکۆلە، (دیارە قسەم لە شۆڕش و ئینقلاب نییە کە هەموو شتێک ئەگۆڕێت)! خەڵکانیش دەچن دەنگ دەدەن، دیارە دەنگەکانیان ڕەنگە ئەم مۆرە یا ئەو مۆرە هەڵبژێرێت، بەڵام وەک وترا پاشان هیچ ناگۆڕێت، تەنیا سەلیقەکان دەگۆڕێن. ئایا چەپەکان قەرز و قۆڵەکانی دەوڵەتەکان و گیرۆدە بوونیان بە بانکی جیهانی نابینن؟ ئایا نابینن ئەمساڵ چی بە سەر یونان‌دا هات؟ ئایا پێیان وایە کە ئەوە دەوڵەتی ئۆباما بوو کە حەوت سەد میلیارد دۆلاری دا بە بانکەکان کە لەو قەیرانەی کە دەسکردی بانکی جیهانی خۆی بوو، ڕزگاریان بێت، یا نەخێر بانکی جیهانی بوو کە هەموو بانکە بچکۆلەکان پێی قەرزدارن، ئەو ئۆلتیماتۆمەی خووڵقاند و خۆیشی بە شێوەی کاتی ڕزگاری کرد و دەوڵەتی ئەمریکای بە خۆی قەرزدارتر کرد؟ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە وەک وترا هەموو دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانیەکان، بانکی جیهانی دایمەزراندوون و نا ڕاستە و خۆ لە باری مادییەوە تەئمینیان دەکات و لە پشتی پەردەوە ڕێکخراوەی سیاسین تا بێ لایەن. ڕێکخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، بێهداشتی جیهانی، ژینگەی جیهانی، یونیسێف و ئابوری جیهانی و هیدیکە، هەر هەموویان ئەو بانکە دایمەزراندوون و هەر بە پلان و بەرنامەی ئەو هەڵدەسووڕێن و لە جیهاندا لە کوێ بۆیان دیاری بکرێت چالاک دەبن. تەنانەت ئەو نەخۆشییە ئێپیدەمییانەی کە هەر چەند ساڵ جارێک سەر هەڵدەدەن، وەکوو شێتیی مانگا، گریپەی باڵندە و بەراز، سارس و زۆری دیکە و ئەمڕۆژانەش نەخۆشی کلۆرا لە هائیتی، ئەمانە هەموو ئولتیماتۆمن بە دەوڵەتەکان کە بانکی جیهانی وەڕێیان دەخات و ئەویش لە ڕێگای ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە کە دایمەزراندوون بۆ نموونە ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی یا ڕێکخراوی کۆنترۆڵی ستانداردی جیهان و هیدیکە! هەر دوێنێکە لە هائیتی خەڵک لە دژی بڵاوکردنەوەی بە ئەنقەستی نەخۆشی کلۆرا لە ڕێگای هێزە نیزامییە کڵاو شینەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە بە ئەرتەشی پاراستنی ئاشتی ناسێندراون، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای چوونە دەرەوەی ئەو هێزە بە ناو ئاشتیپارێزانەیان لە هائیتی کرد و ئەوان بە هۆکاری بڵاو کردنەوەی ڤیرووسی کلۆرا دەزانن. کەسانێک باسی فلۆڕ دەکەن کە ئەو ڕێکخراوەی بە ناو ستانداڕد کردنی خواردەمەنی بە ناوی ستانداڕد کردن دەیانڕێژنە ناو خواردنەوە، بۆ نەخۆش کردنی خەڵک. یا خۆ ئەو کارەساتە سرووشتییانەی ڕوو دەدەن هەندێک کەس دەیانخەنە ئەستۆی بانکی جیهانی و ئەڵێن هەموو بە پیلان ڕوو دەدەن و لە ئەسڵدا سرووشتی نین، بەڵکو پێکهێندراون بۆ کەمتر کردنەوە و کۆنترۆڵی ڕادەی حەشیمەتی جیهان و کەمکردنەوە هەژارەکان لە جیهان، لە ڕێگای کووشتنیانەوە، بۆیە ئەو کارەساتە گەورانە لە وڵاتانی هەژار ڕوو دەدەن و ئەوان ئامێر و پەدیدەی هاڕپ بە تاوانبار و خووڵقێنەری ئەم کارەساتانە دەزانن! تەنانەت خەڵاتی نۆبێلیش هەر بە سیاسی ئەزانرێت و لە کوێ پێیان خۆش بێت کێشەیەک یا کەسایەتییەک بەرز بکەنەوە، ئەو خەڵاتەی پێ دەبەخشن!

هەموو ئەم باس و تیئۆرییانە لە ئینتێرنێت و لە یوتیوب هەن، بۆ ئەو کەسانەی کە بیان هەوێت خوێندنەوەیان بۆ بکەن و ئەمانە وتە و قسەی منی نووسەری ئەم دێرانە نین، تەنیا ئەوەندە بەسە لە گووگڵ وشە کلیلییەکانی وەک هارپ و سکرێت و پوڵ و تەوتەئە و بانکی جیهانی و سیستەمی دراو و هەزارانی دیکە بنوسرێت، زانیاری لە بارەیانەوە زۆر و بۆرن و پێویستە ئەوانەی حەزیان لەم سەر ئێشانەیە بۆخۆیان وەدووی کەون و زانیاری پەیدا کردن ئەمڕۆکە لە ئاو خواردنەوە ساکارترە، بەو شەرتەی کە لانی کەم یەکێک لە زمانە گرنگەکانی جیهان، ئینگلیسی، ئاڵمانی، فەڕەنسی و ئیسپانی و هیدیکە بزانن!

ماوەتەوە بڵێم کە کارڵ مارکس زۆر باش تێ گەیشت کە بەهرە چۆن هەڵ دەسووڕێت، بەڵام فریا نەکەوت دامەزرانی بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو ببینێت و ڕەخنەی لێبگرێت، ئەوەی مارکس ڕەخنەی لێ گرت و لە سەری نووسی، تەنیا بەهرەی کاری زیادەی کرێکاران بوو کە کارخانەکان بەو کارە زیادەی کە لە هێزی کرێکارانی هەرزانی دەکێشنەوە، بەهرە وەردەگرن. ڕەخنەی لە چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ گرت و کۆمەڵگای چینایەتی پێ ناساندین و عەدالەتی کۆمەلایەتی خستە ڕۆژەڤەوە. بە دڵنییایەوە ئەگەر کارڵ مارکس مابایە، ئیتر باسی بەهرەی زیادەی کاری نەدەکرد، بەڵکو لەم سەردەمەدا لە سەر بەهرەی بەهرە و سیستەمی نوێی بانکی تیئۆری دادەڕشت، دیارە ئەگەر بۆخۆیشی بە مرور نەبوویایە بە تەرەفداری سیستەمی نوێ وەک گورباچۆڤ! دیارە بە پێی زەمان و ئاڵوگۆڕی جێ و مەکان و پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژی و هتد ئێمەش خۆشمان گۆڕاوین، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە هەر سەردەم و شوێن و مەکانێکدا، هەر وەک ئەو سەردەم و شوێن و مەکانە بیر دەکاتەوە، بەڵام کە جێگا و شوێنی گۆڕا و زانستی گۆڕا، ئەویش ئەگۆڕێت، خۆمان دیمان و مارکسیش بمایە ئێستا وەک ئەوکات بیری نەدەکردەوە، یا لانیکەم زۆر لە تیئۆرییە کۆنەکانی خۆی بۆ هی ئەمڕۆ نەدەزانی و ڕەتی دەکردنەوە و مۆری ئێکسپایەڕ و بە سەر چووی لێدەدان! ئەمە لۆژیکی ئەمڕۆیە و بە کەڵکی ئەمڕۆ دێت، دە ساڵی تر زۆر شت ئەگۆڕێن، ئەگەر تەمەن باقی بێت، ئەوا ئەوانیش، واتە ئەو ئاڵ و گۆڕانەی داهاتووش ئەبینین! گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بۆ ئاڵ و گۆڕ ئامادە بێت و نەک چەق ببەستێت و قسەی پیاو هەر یەک بێت و تا کۆتایی تەمەنی هەر ئەوە بێت کە لە لاویدا بووە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەڵێن، ئەبێت مرۆڤ فلێکسیبڵ بێت لە هەموو بوارێکی تیئۆری و کردەوەدا، واتە ئینعیتافی هەبێت (انعطاف پذیر)، چوونکە مرۆڤ ڕۆژی دوایی زیاتر دەزانێت و هەر سبەینێش ئەبێت خۆی ئاپدەیت بکاتەوە و ئەبێت بگۆڕێت، ئەگینا وەدوا ئەکەوێت لە ئاڵ و گۆڕەکانی جیهان! ئێمەی کورد بە تاک و بە گشت تا چەندە گرنگیمان بەم ئاپدەیتە ڕۆژانەی خۆمان داوە؟ هەرگیز بیرمان لێ کردۆتەوە؟ دیارە ئێمە وا فێر بووین کە ئاڵ و گۆڕ و گۆڕان گوایە عەیبە!

٢٥ی خەزەڵوەر(٨)ی ٢٧١٠